# داهێنان و تەکنەلۆژیا لە دیالۆگێکدا لەگەڵ شاندی ئیتاڵی


کارلۆ فیرزانی

**کارلۆ فیرزانی**

**نەخشەسازی تەکنەلۆژیای ئیتاڵی بۆ گوڵان**

## کوردستان ئارامە، بەڵام توندوتیژی و ئاڵۆزی ناوچەکە و شوێنەکانی تری عێراق زیانی بە هەوڵەکانی سەرمایەگوزاری گەیاندووە

***شاندێکی ئیتاڵی لەسەر بانگێشتی سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان گەیشتە هەولێر، ئەم شاندە کە چەند داهێنەر و شارەزایەکی بواری تەکنەلۆژیای لەخۆگرتووە، سەرقاڵی ئامادەکردنی توێژینەوەیەکن بەمەبەستی دامەزراندنی کارگەیەکی بواری دروستکردنی ترانسفۆرمەر (Transformers) و پێگەیاندنی کادیر و کارمەندی شارەزای تەکنەلۆژیا، لە بەسەرکردنەوەیەکدا چەند پرسیارێکمان ئاراستەی هەر یەک لە بەڕێزان قاسم کوردی داهێنەر و کارلۆ فێرزانی Garlo verzani نەخشەسازی تەکنەلۆژیا و شارەزا لە بواری تەکنەلۆژیا لە ئیتاڵیا کرد.***

پوختەی بۆچوونەکانی هەردوو بەڕێزان بڵاو دەکەینەوە.

راپۆرت/ شەماڵ نوری

**قاسم کوردی**

## حکومەتی کوردستان خاوەنی سەرۆکێکە زۆر بایەخ بە تەکنەلۆژیا و داهێنان دەدات


قاسم کوردی

# فێرزانی نەخشەسازی تەکنەلۆژیای ئیتالی: بوونی تەکنەلۆژیای ستاندەر هەنگاوێکە بۆ دەربازبوون لە پاشکەوتەیی ئابووری

قاسم کوردی سەبارەت بە رۆڵ و گرنگی پیشەسازی بۆ پێشخستنی ئابووری کوردستان پێی وابوو «لەم قۆناغەدا پێویستە گرنگی بە دوو شت پێکەوە بدەین، ئەویش بواری پیشەسازی و نەوتە، ناکرێت ئابووری کوردستان تەنیا لەسەر نەوت بناغەی بۆ دابنرێت، بەڵکو مەرجە لە هەمان کاتدا گرنگی بە پیشەسازی بەرهەمهێنان بدەین، کە کۆمەڵگا بەرەو کۆمەڵگایەکی بەرهەمهێنان راپێچ دەکات و فرسەتی کار بۆ گەنجەکانمان دابین دەکات، هەنگاوەکانی پێشخستنی پیشەسازی بە بایەخدانمان بە داهێنان ئەنجام دەدرێت، **لەم روانگەیەوە بەڕێزی خاوەن چەندین داهێنانە و ئاماژەی بە ئەزموونی وڵاتانی ئەوروپا کرد، لە تەوەرێکی گفتوگۆکەماندا کە تایبەت بوو بە داهێنان و تەکنەلۆژیا لەمبارەیەوە پوختەی بۆچوونەکانی دەخەینە روو:**

ئەزموونی وڵاتانی ئەوروپا زۆر گرنگە بە تایبەت ئەوروپای دوای جەنگی جیهانی دووەم، کە ئەڵمانیا لە پێشەنگی ئەو وڵاتانە بوو، لە ئاسیاش ئەزموونی ژاپۆن زۆر گرنگ بوو، ئەو دوو وڵاتە لە دوای جەنگ ژێرخانەکانیان وێران بوو، سەرەتا وەکو پرۆسەی ئاوەدانکردنەوەی کوردستان بەهەمان شێوە دەستیان پێکرد، بەڵام ئەوان لە هەمان کاتدا گرنگیان بە تەکنەلۆژیا دا، تەکنەلۆژیا لە سەرچاوەوە، کوردەکان لە دەرەوەی وڵات و لە ناوخۆشدا خاوەنی زۆر داهێنانن.

بەڕێز نیچیرڤان بارزانی سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان گرنگییەکی زۆر بە تەکنەلۆژیا و داهێنان دەدات، بە پاڵپشتی و پشتگیری بەڕێزی توانیمان ئەم نەخشەساز و داهێنەرانە بهێنینە کوردستان، چونکە تا نەبینە خاوەنی کارگە و پیشەسازی ناکرێت هەنگاوی خێرا و پێشکەوتوو بنێین.

*** ئامانجی ئەم سەردانە ئامادەکردنی توێژینەوە و بەسەرکردنەوەی وەرشە و کارگەکانە لەمبارەیەوە فێرزانی نەخشەسازی تەکنەلۆژیا تەئکیدی لەسەر تەکنەلۆژیای ستاندەر کرد.**



بازاڕەکانی کوردستان بۆتە بازاڕێک بۆ ساخکردنەوەی کەلوپەلی تەکنەلۆژیای کۆن

**قاسم کوردی: ١٥ ساڵە لە سوید سەرقاڵی بەشی تەکنیکی و داهێنانە، لە ساڵی ١٩٨٧ لەگەڵ گەورە کۆمپانیاکانی تەکنەلۆژیا لە بواری پراکتیکیدا داهێنانی دەستی پێکردووە ، لە ٢٠٠٣ پێنج داهێنانی ئامادە بوو، لە بواری نەهێشتنی ئاگرکەوتنەوەی بیرەنەوتەکان و کارەبا راگرتنی تێکچوونی بۆڕییە نەوتییەکان، لە چەندین پێشانگای نێودەوڵەتی لە ئایدین و هانۆفەر و ئەستەمبۆڵ بەشداربووە.**

**کارلۆ فێرزانی، نەخشەسازی تەکنەلۆژیا لە ئیتالیا، ٤٤ساڵە شارەزا و داهێنەرە لە بواری تەکنەلۆژیا بە تایبەت تەکنەلۆژیای ترانسفۆرمەر، ناوبراو شارەزایە لە بواری دامەزراندنی کۆمپانیا لە بناغەوە.**

**فێرزانی:** تەکنەلۆژیا رۆڵی لە پێشخستنی ئابووری هەیە و، ناکرێت لە کوردستان کە خاوەنی تەکنەلۆژیای پێشکەوتوو نییە هەنگاوی پراکتیکی بنێردرێت، گرفتێکی تری کوردستان بوونی چەندین جۆر و مارکەی لاوازی تەکنەلۆژیایە، بازاڕەکانی کوردستان بۆتە بازاڕێک بۆ ساخکردنەوەی کەلوپەلی تەکنەلۆژیای کۆن، واتە ستاندەری جیهانی نییە، ئێمە لەسەر داخوازی و داوەتنامەی بەڕێز سەرۆکی حکومەت هاتووین بۆ ئەوەی کارگەیەکی ترانسفۆرمەر دروست بکەین لەسەر بناغەیەکی زانستی، دەتوانین بۆ بەڕێوەبردنی ئەم کارگەیە کارمەند و کادیری کوردی ئامادە بکەین، بوونی تەکنەلۆژیای ستاندەر هەنگاوێکە بۆ دەربازبوون لە پاشکەوتەیی تەکنەلۆژیا، لێرەدا رۆڵی سەرمایەدار زۆر گرنگە، لە وڵاتی ئیتالیا کۆمپانیاکان رۆڵی سەرەکی دەبینن، بەڵام حکومەت ئاراستە و چاودێرە.

قاسم کوردی سەبارەت بە راکێشانی وەبەرهێنانی بیانی بە تایبەت لە بواری تەکنەلۆژیا تەئکیدی لەسەر ئەو خاڵە کردەوە، کە پێویستە بناغەیەک بۆ تەکنەلۆژیا لە کوردستان دروست بکرێت، ئەمەش لە رێگای کۆمپانیاکان کە گرنگی زۆر بە توێژینەوە و داهێنان و پێگەیاندنی کارمەند و کادیرەکان بدەن.

*** فێرزانی لە وەڵامی پرسیارێکی گوڵاندا کە سەبارەت بە تێڕوانینی بۆ ئابووری کوردستان و نەهاتنی گەورە کۆمپانیاکانی ئیتالیا پێی وابوو،** کۆمپانیا ئیتالییەکان زیرەکن بۆ دۆزینەوەی کار و بەگەڕخستنی سەرمایەگوزاری، بەڵام کات و ماوەیەکی باشیان دەوێت.

بارودۆخی کوردستان وەکو ئیتالیا لە دوای پێنج ساڵ لە دوای جەنگی جیهانی دووەم دێتە بەرچاوم، ئەوکاتە منداڵ بووم و زۆر لە بارودۆخ و ژینگەی ئابووری و کۆمەڵایەتی ئیتالیای دوای جەنگ بە هاوشێوەی ئێوە بوو، بە تایبەت پرۆسەی ئاوەدانکردنەوە و جیاوازی داهاتی تاکەکەسی، لەو بڕوایەدام لە ماوەیەکی کەمدا هاووڵاتییانی کوردستان لەو بارودۆخەوە دەچنە قۆناغێکی تر. رۆژ لە دوای رۆژ هەنگاوی باش دەنێردرێت، کوردستان ئارامە، بەڵام ناوچەکە و شوێنەکانی تری عێراق نائارامە، ئەمەش زیانی بە خێراکردنی هاتنی گەورە کۆمپانیاکان گەیاندووە، هاتنی ئەو کۆمپانیانە بۆ دامەزراندنی تەکنەلۆژیا لە کوردستان زۆر گرنگە، ئەگەر ئێمە هەر ئیش بە تەکنەلۆژیای کۆن بکەین ئەوا دوای ١٠ ساڵی تر بە پێی ویستی خۆمان و جیهان پێش ناکەوین و پارە و داهاتێکی زۆریش بەفیڕۆ دەدرێت، بوونی تەکنەلۆژیای کوردی گرنگە.